www.kurdistannet.org
1-5-2003 20:25

# نامەکەی ( تاهیر حەسەن) بۆ میژوو نیە

هیدایەت مەلا عەلی

( تاهیر حەسەن) رۆژی ٢٠-٤-٢٠٠٣ نامەیەکی ئاراستەی ( کوفی ئەنان) ی سکرتیری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. سەبارەت بــــــه مەترسی هەلگیرسانی شەری قەومی و پاکتاو کردنی رەگەزیی لە شاری کەرکوك. کەسیکیش بە ناوی ( سیروان قەرەداغی) یەوە بۆ وەلاّم بەو نامەیە چەند عیبارەتیکی بەکار هیناوە کە پیشتر لە لایەن ئەحزابی قەومیەوە بەرامبەر ( تاهیر حەسەن) و حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بەکار ئەهینرا. منیش پیم خۆش بوو ئەم گفتوگۆیە لەگەلّ کاك ( سیروان) بکەم و سەرنجی بۆ چەند خالیك رابکیشم.

سەرەتا ( تاهیر حەسەن) ئەو نامەیەی بۆ میژوو نەنوسیووە، ئەو لە روانگەی مەسئولیەتەوە لە بەرامبەر ژیان و ئەمنیەتی خەلکدا بە گرنگی زانیوە یەخەی کەسیك بگریت کە لە ئاستی نیونەتەوەییدا مەوقیعیەتی هەیە. نامەکەی ( تاهیر حەسەن) بۆ وەلاّمدانەوە و بەرگرتنە بە کوشتارگایەك کە ناسیونالیزمی کورد لە هەگبەکەیدا هەلیگرتووە. ( حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق) ئەیەویت تاوانیك کە ٣٥ سالە خەلك دەسوتینی و ئەوەی ئارامی بیت بۆ خەلکی کەرکوك نەیهیشتبوو دووبارە نەبیتەوە هەر سەردەمە و بە ناوی ناسیونالیزمیکەوە. (حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق) چەند سالە خەباتی سیاسی و کۆمەلاّیەتی بۆ کۆتایی هینانە بە سوکایەتی کردن بە ئینسان. وە بە هۆی بەرگری سەختی ئەم حیزبە لە ئینسانیەت و ریگە نەدان بە بیحورمەتی کردن بە ژنان و منالاّن و لاوان و ژیانی شایستە بۆ سەرجەم کۆمەلگا هیرشی چەکدارانەی کرایە سەر و جەنابتان ئاگادارن.

( تاهیر حەسەن) و (حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق) دەلین دەبیت کەرکوك ناسنامەیەکی ئینسانی هەبیت، هەرکەس دەیەویت لە کەرکوك بژی ئازادە و حەقی خۆیەتی ژیان و ئەمنیەت و خانو و مالّ و ریفاهیەتی بۆ مسۆگەر بکریت. ئەگەر دەسەلاّتی سەرکوتگەری بەعس چەندین سالە تاوان دەکات و ناسیونالیزمی کوردیش دانی دووبارەکردنەوەی جیر دەکاتەوە، بۆ (حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق) قابیلی قبولّ نیە. کاك سیروان زۆر سادە لەم گۆماوی خوینە دەروانیت کە ئەگەر (حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق) ریگەی پی نەگریت روودەدات. ناسیونالیزم بۆ بەرژەوەندی خۆی و بۆ مسۆگەر کردنی دەسەلاّت و بەشی زۆرتر ئامادەیە دوژمنایەتی نیوان ئینسانەکان تاکو سەر سفرەی نان خواردنی خیزانەکان ببات و کردیشی. کاك سیروان مەگەر لە بیرت چووە لە ئەنجامی شەری ناوخۆ هەزاران خیزان لە مالەکانیان دەرکران و کەسی تر لە جیگایان نیشتەجی کران. هەر ئەو نمونەی بەریزتان باسی دەکەن کە عەرەب هەبووە لە سەیارەکەدا چاوەریی کردووە مالەکەی بۆ چۆلّ بکەن من بۆ خۆم شاهیدی وەستانی کەسیکی یەکیتی بووم لەبەر دەرگای مالیکی پارتی بۆ وەرگرتنی کلیلی خانووەکەیان و بە دلنیاییەوە پیچەوانەکەشی رویداوە. هەر ئەوکات ( تاهیر حەسەن) و (حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق) ئیدانەی ئەم کارەیان کرد و هەولی جدیان بۆ کۆتایهینان بەم دەست دریژی کردنە بەریخست. بۆ ئەمە دەلیی چی، ئایا تراژیدیا نیە ؟. ( تاهیر حەسەن) نالیت ئەو کەسە عەرەب زمانانە بە زۆر هاتوون. دەلی بەزۆر هاتبن یان خۆیان هاتبن ئەم دوو کردەوەیە نابیت هیچیان زەمینەی شەری قەومگەرایی لە کەرکوك ساز بکات، کاك سیروان باش دیقەت بدە. تۆ باسی ئەوەت کردووە ژمارەی حیزبەکەی ( تاهیر حەسەن) لە پەنجەکانی دەست و قاچ تیناپەرن. لە راستی دا ئەم قسەیە لە رۆژانی ( ١٢ و ١٣ و ١٤- ٧ — ٢٠٠٠) دا لە مەیدانی کۆمەلاّیەتی دا بە سەر چوو. کاك سیروان تۆ پیت وایە بۆ سەرکوتی حیزبیکی چەند کەسی پیلانی ناوچەیی و سەرپەرشتی ئیتلاعاتی ئیرانی و ( جەلال تالەبانی و نەوشیروان و خەسرە و) پیویست بیت !. تۆ پیت وایە لەشکرکیشی زیاتر لە ٥٠٠ چەکدار بۆ گرتنی دەوری مەقەریکی چەند کەسی واقیعی بیت !. کاك سیروان ئەو کاتەی هیرشی چەکدارانە کرایە سەر (حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق) ئەگەر سەیری گردەکەی عەلی ناجی و گردەکەی زەرگەتە و شەستیەکەی سلیمانیت کردبی هەستت بە روبەروبوونەوەی دوو حیزب دەکرد لە سەر دەسەلاّت یان ئیجرائات لە گەلّ حیزبیکی چەند کەسی ؟ ئەم قسانە کۆن بوون و تۆش فرییدە. باسی هەلبژاردنی شارەوانیەکانت

کردووه، مەگەر کەسیك هەر هیچ نەزانیت ئەگینا مەعلومە هەلبژاردن لەژیر سایەی چەك و میلیشیا چ مەعنا و چ ئەنجامیکی هەیە. بەشداری ئیمە شتیك بوو تەزویرو چاو سوور کردنەوە و هەرەشەی برینی بایعی و دەرکردن لەسەر کار و کۆنترۆڵ کردنی پارە و راگەیاندن و دەرچوونی دەسەڵاتداران شتیکی تر. هەر وایە لە هەلەبجە ئیسلامیەکان، لە سلیمانی یەکیتی، لە هەولیر پارتی، صدامیش وەك سەرۆکی بی موونافیسی عیراق دەرچوو. (حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق) بە شارەوانیەکان ناپیوریت بەلکو بە ئامانجی بەرزی ئینسانی و ستراتیژیك کە هەیەتی دەناسریت. تۆ باسی ئەوت کردووە کە لە بەرامبەر بەعس نەرم و لە بەرامبەر شارۆن رەقن. بەریز تەنها حیزبیك لە عیراق کە بەرنامە و ستراتیژی روخاندنی دەسەڵاتی گەندەلی بەعس بوبیت تا رۆژی روخانی (حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق) بووە، لەم پیناوەدا خەباتی شیلگیرانەی کردووە و هەرگیز بەعس و صدامی بە ئەندازیار و دادوەر نەزانیووە. سەبارت بە فەلەستین کاك سیروان تۆ دەمت لە سیاسەت داوە و ئەبیت ئەوە بزانیت کە لە ناوچەکەدا فەلەستینیش بۆتە مەیدانیکی تر بۆ کیشمەکیش و ململانیی نیوان هیزە کۆنەپەرستەکان و قەتڵ و عامی خەلك و هەر رۆژە تاوانیکی گەورە ئەنجام دەدریت. ( تاهیر حەسەن) و (حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق) لە هەر جیگایەك دەستدریژی بۆ سەر خەلکی ستەمدیدە بکریت لەسەری بە وەلام دیت و لە بەرامبەریدا سەنگەر لیدەدات. بۆ ئاگاداریت بۆ پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆی فەلەستین کاری جدی و کەمپینمان کردووە. چاوەکەم کاك سیروان کۆتایی هینان بە موسیبەتەکانی ژیانی خەلك لە لە عیراق و کوردوستان، لە کوشتن و برین، دەرکردن و قەومگەرایی، تۆلە و راگرتنی ئینسانەکان لە بەرامبەر یەکتر تەنها لەسەر دەستی (حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق) دایە و ئەو دەتوانی بیکات.

لە کۆتایی دا یەك قسەم هەیە لەگەڵ تۆ، سەرەرای تەواوی ئازاد بوونت لەوەی دەیلییت و دەینوسی. دەلیم پەتی ناسیونالیزم باریك و بەرەکەیان تەنکە و کەلکی بەرگری لیکردنیان نیە و خۆت لەو قەرەیە مەدە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت